خەلیل عەبدوڵڵا

# سیستمی سیاسیی سویسرا

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٠

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

## سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق

**دیزاینو بەرگ:** ئەمیرە عومەر
**تایپ:** نیاز جەلال
**چاپ:** دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
**تیراژ:** (٢٥٠٠) دانە
**ژمارەی سپاردن:** (١٨٢٥)ی ساڵی ٢٠١٠ ی وەزارەتی رۆشنبیری
**ژ. زنجیرە :** (٢)
**لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

## پێشەکی

کۆمەڵگەی سویسری کۆمەڵگەیەکی فرەییە لەرووی ئایینو مەزهەبو زمانو رەگەزەوە. بۆ بەرجەستەکردنی ئەو جیاوازییانە لەساڵی ١٨٤٨ەوە سیستمی فیدراڵی لەو وڵاتەدا پەیڕەو دەکرێت. لەسایەی دەسەڵاتی فیدراڵیو دەسەڵاتی کانتۆنەکاندا پێشکەوتنی گەورە لەهەموو بوارەکاندا بەدیهاتووە. ئێستا سویسرا یەکێکە لەدەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی جیهانو ژیانو گوزەرانی هاووڵاتیانی لەئاستێکی بەرزدایە. لەبەرئەوە بەپێویستمان زانی ناملیکەیەك سەبارەت بەناساندنی سیستمی سیاسیی سویسرا ئامادە بکەین.



لەم ناملیکەیەدا سەرەتا بە کورتی تیشکمان خستۆتە سەر مێژوو و هەڵکەوتەی جوگرافیو دابەشبوونی دانیشتوانی سویسرا. دواتر بەدرێژی باسی سیستمی سیاسیی سویسرامان کردووە کە سیستمێکی فیدراڵییەو دەسەڵاتەکان لەنێوان ناوەندو کانتۆنەکاندا بەپێی دەستوور دابەشکراوە. دەسەڵاتە فیدراڵییەکان هەر سێ دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری دەگرێتەوە کە خۆی لە کۆمەڵەی فیدراڵیو ئەنجومەنی فیدراڵیو دادگای فیدراڵیدا دەبینێتەوە.

کۆمەڵەی فیدراڵی باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵییە لە دوو ئەنجومەن پێك دێت ئەوانیش ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی کانتۆنەکانن.

ئەنجومەنی فیدراڵی ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی پێسپێردراوەو پەیڕەوی حکومەتی ئەنجومەن دەکات کە سیستمێکی جیاوازە لە سیستمەکانی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی.

دادگای فیدراڵی ئەرکی دەسەڵاتی دادوەری پیادەکات.

کانتۆنـــــــەکانیش دەســــــەڵاتەکانی یاســــــادانانو جێبەجێکردنو دادوەری تایبەت بەخۆیان هەیە.

لــەکۆتایی نامیلکەکــەدا ئاماژەمــان بــە رۆڵــی حزبــە سیاسییەکان لەژیانی سیاسیی ئەو وڵاتەدا کردووە.

**نووسەر**

# یەکەم: ناساندنی سویسرا

١- لەرووی مێژووییەوە

ساڵی ١٢٩١ ناوچەکانی (شفوتز، ئونتر فالدن‌و ئوری) یەکیان گرت‌و ئەو وڵاتەیان دروستکرد کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت سویسرا. ساڵی ١٤٩٩ سویسرا سەربەخۆیی لەئیمپراتۆریەتی رۆمانی وەرگرت. لەساڵی (١٥١٥)ەوە سویسرا سیاسەتی بێلایەنی پەیڕەوکرد. ساڵی ١٨٤٨ پاش ئەوەی سویسرا لەشەڕدا لەبەرامبەر فەرەنسا شکستی هێنا، وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی خۆی راگەیاند. لەهەردوو جەنگی یەکەم‌و دووەمی جیهانیدا، سویسرا بێلایەنی خۆی پاراست‌و تائێستا ئەو سیاسەتە پەیرەو دەکات. لەساڵی ١٩٦٠ بووە ئەندامی رێکخراوەی بازرگانی ئازادی ئەورووپا. لەساڵی ١٩٦٣ بووە ئەندامی ئەنجومەنی



ئەورووپا. ساڵی ١٩٩٢ گەلی سویسرا لەراپرسییەکدا لەدژی ئەندامبوونی وڵاتەکەیان لەیەکێتی ئەورووپادا دەنگیاندا.

لەساڵی ٢٠٠٢ لەراپرسییەکی تردا گەلی سویسرا دەنگیان دا بۆ ئەندامبوونی وڵاتەکەیان لەکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- لەرووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە

سویسرا دەکەوێتە ناو جەرگەی ئەورووپا، هاوسنورە لەگەڵ ئەڵمانیا لەباکور، فەرەنسا لەخۆرئاوا، ئیتاڵیا لەباشوور، نەمساو لیختنشاین لەخۆرهەڵات.

٣- لەرووی دابەشبوونی دانیشتوانەوە

ژمارەی دانیشتوانی سویسرا (٧٤٥٠٨٦٧) کەسەو لەسەر رووبەری خاکێکی (٤١٢٨٥) کم$^{2}$ دەژین. دەستووری سویسرا زمانەکانی ئەڵمانی‌و فەرەنسی‌و ئیتالی بەرەسمی ناسیوە.

ڕێژەی دانیشتوان لەڕووی زمانەوە بەم شێوەیە (ئـەڵمان ٦٥٪، فەرەنسـی ١٨٪ ئیتـاڵی ١٠٪، ئـەوانی تـر ٧٪).
دابەشبوونی دانیشتوان لەڕووی ئایینییەوە بەم شێوەیەیە (ڕۆمـانی کاسۆلیك ٤٤٪، پرۆتستانت ٤١٪، موسڵمان ٣٪ ناموتەدەین ٧٪، ئەوانی تر ٥٪).

٤ـ لەڕووی داهاتەوە

سویسرا بەیەکێك لەدەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی جیهان دادەنرێت، داهاتی ساڵانەی بە زیاترلە ٣٠٠ ملیار دۆلار دەخەملێنرێتو داهاتی ساڵانەی تاکیش بەنزیکەی ٥٠٠٠٠ دۆلار دەخەملێنرێت.



## دووەم: سیستمی سیاسی

کۆمەڵگەی سویسری کۆمەڵگەیەکی فرەییە لەڕووی ئایینو مەزهەبو زمانو ڕەگەزەوە. پێویستی پاراستنی ئەو ڕەنگە جیاوازانە وای لەسیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتە کرد کە سیستمێکی گونجاو بۆ وڵاتەکەیان دابنێینو لەو چوارچێوەیەدا لەساڵی ١٨٤٨دا سیستمی فیدراڵیان بۆ وڵات هەڵبژاردو لەدەستووردا جێگیریان کردو لەو کاتەوە تا ئێستا سویسرا وەك دەوڵەتێکی دیموکراسیو فیدراڵی هەنگاو بەهەنگاو لەپێشکەوتن دایەو بەیەکێك لەدەوڵەتە فیدراڵییە سەرکەوتووەکان دادەنرێت. لەسایەی سیستمی فیدراڵیو دیموکراسی سویسرادا، گەل خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەو بڕیاری کۆتاییە. هەربۆیەش ئەو سیستمە بەسیستمێکی دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ ناودێر دەکرێت. لەماوەی ساڵێکدا هاووڵاتیانی سویسرا چوارجار

نامەیان لەدەوڵەتی فیدراڵی‌و کانتۆنەکانەوە پێدەگات‌و داوایان لێدەکرێت بیر ورای خۆیان دەربڕن سەبارەت بەمەسەلەیەك یاخود چەند مەسەلەیەك کە لەسەر گۆڕەپانی نیشتمانی خراوەتە روو. هەندێك لەکانتۆنەکان کار بە سیستمی کۆمەڵەی گشتی دەکەن‌و بەپێی ئەو سیستمە هاووڵاتیان لەگۆڕەپانێکی گەورەدا کۆدەبنەوەو بەدەست بەرزکردنەوە رای خۆیان لەسەر مەسەلەکان دەردەبڕن. یەکێك لەروخسارو سیما دیارەکانی دیموکراسیی سویسرا سازدانی راپرسیی گشتییە، لەو بوارەدا هاووڵاتیانی سویسرا دەسەڵاتی سازدانی راپرسییان هەیەو لەساڵی ١٨٧٤ەوە کار بەسیستمی راپرسی راستەوخۆ دەکرێت‌و لەدەستووری ئێستای سویسراشدا مافی ئەنجامدانی راپرسیی گشتی بۆ هاووڵاتیان زامنکراوە. لەو چوارچێوەیەدا هاووڵاتیانی سویسرا مافی ئەوەیان هەیە داوای هەموارکردنی دەستوور بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت (١٠٠٠٠٠) هاووڵاتی داوا پێشکەش



بکەن‌و ئیدی حکومەت رێوشوێنی ئەنجامدانی راپرسیی گشتی بۆ هەموارکردنی دەستوور پیادە دەکات. لەلایەکی ترەوە هاووڵاتیانی سویسرا دەتوانن لەرێی راپرسیی گشتییەوە یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان رەت بکەنەوە. لەو چوارچێوەیەدا (٥٠٠٠٠) هاووڵاتی دەتوانن داوای رەتکردنەوەی یاسا یان بڕیارێکی پەرلەمان بکەن‌و راپرسیی بۆ ئەنجام بدەن‌و رایان خۆیان بە بەڵێ یاخود بەنەخێر بخەنە روو. هەر لەبەر ئەوەشە هەندێك کەس سیستمی سیاسی سویسرا بە (دیموکراسیی راپرسییەکان) ناو دەبەن. مەسەلەیەکی دیکە کە جێگەی سەرنجی چاودێرانی سیاسییە، مەسەلەی رێژەی کەمی بەشداری ژنانە لەهەڵبژاردنەکاندا. ئەگەرچی لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە هەندێ کانتۆن مافی دەنگدان‌و خۆپاڵاوتنیان بەژنان بەخشیبوو، بەڵام لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵی لەساڵی ١٩٧١ەوە ئەو مافەی بە ژنان دا. بەوەش سویسرا دوا دەوڵەتی کیشوەری ئەورووپابوو ئەو

مافەی بە ژنان بەخشی. سەرباری ئەوەی کە ژنان لەو کاتەوە مافی دەنگدانو خۆپاڵاوتنیان هەیە، بەڵام ڕێژەی بەشدارییان لەهەڵبژاردنەکاندا ٥٠٪ی تێنەپەڕاندووە.

**سیستمی سیاسی سویسرا بەم شێوەیەیە:**

## ١ـ سیستمی حکومەتی ئە نجومەن

سیستمی حکومەتی ئەنجومەن سیستمێکی جیاوازە لەسیستمەکانی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی.

لەم جۆرە سیستمەدا دەسەڵاتی یاسادانانو دەسەڵاتی جێبەجێکردن هاوشانو یەکسان نین، بەڵکو دەسەڵاتی یاسادانان بەرزو باڵاترە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ئەو دەسەڵاتە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوەو متمانەی پێبەخشراوە.

لەم سیستمەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەستەیەکە کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دیاری دەکرێنو دەسەڵاتو



پسپۆرییەکانیان دیاری دەکرێتو ئاراستەو چاودێریش دەکرێن. لەم سیستمەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەتەواوی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە کۆنترۆڵ دەکرێتو دەسەڵات بەدەستەیەك دەدات کە لەناویاندا یەکێکیان بەسەرۆك دیاری دەکاتو لەژێر چاودێریو ڕێنوێنیدا کار دەکەن.

بەهۆی پاشکۆیەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ دەسەڵاتی یاسادانان، ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەرووی سیاسییەوە لەبەردەم ئەو دەسەڵاتەدا بەرپرسیار دەبنو دەسەڵاتی جێبەجێکردن هیچ هۆکارێکی فشاری بۆ سەر دەسەڵاتی یاسادانان نییە وەك نارەزایی دەربڕین لەپرۆژە یاساکان یاخود هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی یاسادانان. وەك لەهەردوو سیستمی سەرۆکایەتیو پەرلەمانیدا ڕوودەدات.

بەپێی دەستووری فیدراڵی سویسرا، لەو وڵاتەدا کار بە سیستمی حکومەتی ئەنجومەن دەکرێت، ئەوەش بەمانای

ئەوەیە کە دەسەڵاتی یاسادانان هەژموونی تەواوی بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنـدا هەیە. لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵی فیدراڵی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی کردووە.

بەپێی مادەی ۷۱ی دەستووری فیدراڵی سویسرا دەسەڵاتە باڵاکانی فیدراڵی لەلایەن کۆمەڵەی فیدراڵییەوە پیادە دەکرێت بەمەرجێك زیان بەمافی تاکەکانو کانتۆنەکان نەگەیەنێت. کۆمەڵەی فیدراڵیش لەدوو ئەنجومەن پێك دێت ئەوانیش ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی کانتۆنەکانن.

## ٢- دەسەڵاتی فیدراڵیو کانتۆنەکان

دەستووری فیدراڵی سویسرا دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی بەشێوەیەکی حەسری دیاریکردووە. ئەو دەسەڵاتانەشی دەمێنێتەوە کانتۆنەکان پیادەی دەکەن.



ئەوەی جێگەی سەرنجە دەستووری ساڵی ١٨٤٨ سیفەتی دەوڵەتی بەکانتۆنەکان بەخشی بوو، بەوەش کانتۆنەکان دەسەڵاتی فراوانو سەربەخۆیان لەبوارەکانی جێبەجێکردنو یاسادانانو دادوەریدا هەبوو بەڵام دەستووری ساڵی ١٨٧٤ ئەو سیفەتەی لەکانتۆنەکان سەندەوە، ئەوەش بووە مایەی زیادکردنی دەسەڵاتی فیدراڵیو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کانتۆنەکان.

## ٣- پسپۆرییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی

### ١- پسپۆرییەکانی دەرەوە

أ - دەسەڵاتی راگەیاندنی جەنگو ئاشتی: دەستووری فیدراڵی سویسرا دەسەڵاتی راگەیاندنی شەڕو ئاشتی بەکۆمەڵەی فیدراڵی بەخشیوەو هیچ کەسو دەسەڵاتێکی تر ئەو مافەی نییە.

ب ـ نوێنەرایەتی دەرەوە:

ئەم بوارە کە تایبەتە بە نوێنەرایەتی سویسرا لەوڵاتانی بیانیو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانو نوێنەرایەتیو وڵاتانی بیانی لەسویسرا قۆرخکراوە بۆ دەسەڵاتی فیدراڵی.

ج ـ دەسەڵاتی بەستنی پەیماننامەکان

دەستووری فیدراڵی دەسەڵاتی بەستنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی بیانیو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەدەسەڵاتی فیدراڵی بەخشیوە. بەتایبەت لەبواری رسومی گومرگیو بازرگانی.

## ٢ـ پسپۆرییەکانی ناوخۆ

أ ـ دراو: دەرکردنی دراو بەهەردوو جۆری کانزاییو کاغەز پەیوەندیدارە بەسەروەری دەوڵەتو بەرژەوەندی باڵای وڵات، لەبەرئەوە ئەو مەسەلەیە پەیوەستە بەدەسەڵاتی فیدراڵی.



ب ـ کاروباری بەگری نیشتمانیو هێزە چەکدارەکان:

سەرباری ئەوە کە سویسرا بێلایەنی خۆی لەکێشە نێودەوڵەتییەکاندا پاراستووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزی چەکداری خۆی هەیەو ئەو مەسەلەیەش لەچوارچێوەی دەسەڵاتە فیدراڵییەکاندایە.

ج ـ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ: هەر کانتۆنێك ئەرکی پاراستنی ئاسایشی سنورەکەی لەئەستۆی خۆیدایە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کانتۆنێك بۆی هەیە داوای هێزی فیدراڵی بکات بۆ پاراستنی لەهەر دەستدرێژییەکی دەرەکی یاخود ناوخۆیی. بەڵام کانتۆنەکان نابێت لەناوخۆیاندا پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکداری ببەن بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکانیان.

و ـ باجی داراییو بەرژەوەندی ئابووری: بەپێی دەستوور دەسەڵاتی فیدراڵی مافی ئەوەی هەیە کۆنترۆڵی بواری باجی داراییو بەرژەوەندی ئابووری بکات، بەتایبەت لەبوارەکانی گومرگو کهولو پۆستەو تەلەفۆن.

## ٣ـ دەسەڵاتی کانتۆنەکان

کانتۆنەکان تەنها یەکەیەکی ئیداری ناوخۆیی ئاسایی نین، بەڵکو ژیانێکی سیاسی سەربەخۆو مەیدانێکی فراوانی ئازادی ناوخۆییان هەیە. لەبەرگرنگیو بایەخی کانتۆنەکان مادەی یەکی دەستووری سویسرا ئاماژەی بەوە کردووە کە سویسرا پێك دێت لە ٢٢ کانتۆنی خاوەن سەروەری. مادەی سێی دەستوریش باسی لەوە کردووە کە دەسەڵاتی فیدراڵی دەبێت زامنی سنورو سەروەریو دەستوورو مافو ئازادی دانیشتوانی کانتۆنەکان بکات. هەر کانتۆنێك دەستووری تایبەت بەخۆی هەیەو نابێت دەستوورەکەی پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی بێتو دەبێت زامنی پیادەکردنی مافە سیاسییەکان بکات بەپێی سیستمی حوکمی کۆماری نوێنەرایەتیو لەلایەن زۆرینەی رەهای هاووڵاتیانی کانتۆنەکەوە پەسەند کرابێت.

سەبارەت بەدەسەڵاتەکانی تری کانتۆنەکان، دەسەڵاتیان لەبواری کاروباری دەرەوەدا زۆر کەمەو لەو روەوە هیچ



کەسایەتییەکی یاساییان لەبواری نێودەوڵەتیدا نییەو بەوەش مافی بەستنی پەیماننامەو رێکەوتننامەی نێودەوڵەتییان نییە، بەڵکو تەنها مافی بەستنی هەندێ رێکەوتنی ئاساییان لەهەندێ بواری وەك گەیاندنو مەسەلەکانی پۆلیسو بازرگانیو ئیداری هەیە کە بابەتی ناوخۆیین، دەبێت بۆ ئەوەش رەزامەندی ئەنجومەنی فیدراڵی وەربگیرێتو دەبێت ئەو رێکەوتنانە لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵیو مافی کانتۆنەکانی تر ناکۆك نەبێت.

ئەوەش سنورداری دەسەڵاتی کانتۆنەکان لەبواری کاروباری دەرەوەدا نیشان دەدات. چونکە لەبواری کاروباری دەرەکیدا دەوڵەتانی تر مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی سویسرا دەکەن.

لەلایەکی ترەوە دەستوری سویسرا، رێگەی بەکانتۆنەکان نەداوە کە لەنێوان خۆیاندا پەیمانی سیاسی یاخود سەربازی ببەستن، بەڵام کانتۆنەکان دەتوانن لەبوارەکانی یاسادانانو کارگێڕیو دادوەری لەچوارچێوەی پسپۆڕی

ناوخۆیی خۆیاندا ڕێکەوتننامە ببەستن.هەر کانتۆنێك پەرلەمانی تایبەتی خۆی هەیەو ئەو پەرلەمانە دەتوانێت لەبواری پسپۆڕی خۆیدا یاسا دەربکات بەتایبەت لەبوارەکانی پەروەردەو خوێندنو پەیوەندی نێوان ئایینەکانو ئاسایشی گشتی.

پەرلەمانی کانتۆنەکان لەیەك ئەنجومەن پێکهاتووە، بەپێچەوانەی پەرلەمانی فیدراڵی کە لەدوو ئەنجومەن پێکهاتووە. هەروەها هەر کانتۆنێك دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆی خۆی هەیەو لەکانتۆنەکان دادگای فیدراڵی نییە، چونکە سویسرا کار بە سیستمی دادوەری دوو سەرە ناکاتو دادگای کانتۆنەکان شانبەشانی جێبەجێکردنی یاسای کانتۆنەکان یاسای فیدراڵیش جێبەجێ دەکەن.



### ٤ـ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان

دەسەڵاتە فیدراڵییەکان پێك دێت لەدەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی (کۆمەڵەی فیدراڵی)و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵی (ئەنجومەنی فیدراڵی)و دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی (دادگای فیدراڵی).

١ـ دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی (کۆمەڵەی فیدراڵی):
کۆمەڵەی فیدراڵی بەباڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانی وڵات دادەنرێت. هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت بڕیارو یاساکانی دەسەڵاتی یاسادانان هەڵبوەشێنێتەوە یاخود کۆسپی بۆ دروست بکات.

کۆمەڵەی فیدراڵی لەدوو ئەنجومەن پێك دێت ئەوانیش ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی دەوڵەتەکان یاخود کانتۆنەکان.

١ـ ئەنجومەنی نیشتمانی: ئەم ئەنجومەنە لە (٢٠٠) ئەندام پێك دێتو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەلی سویسرا لەخۆ دەگرێتو لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوان پێك

دێت، هەر ئەندامێك نوێنەرایەتی (٢٤٠٠٠) هاووڵاتی دەكات.

هەر كانتۆنێك یاخود نیو كانتۆنیك بەناوچەیەكی هەڵبژاردن دادەنرێت بەلای كەمەوە دەبێت ئەندامێكیان هەبێت كە بەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕێژەیی ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێت. بەپێی دەستووری سویسرا هەر هاووڵاتیەك كە تەمەنی ١٨ ساڵو زیاتر بێت مافی دەنگدانو خۆ پاڵاوتنی هەیە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی. بەڵام لەبواری پراكتیكدا هەر پاڵێوراوێك لەلیستی حیزبێكی سیاسییدا نەبێت ئەستەمە سەركەوتن بەدەست بهێنێت.

هەرچوار ساڵ جارێك ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵدەبژێردرێن، ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە مووچەیەكی دیاریكراویان نییە، بەڵام لەخەزێنەی دەوڵەت قەرەبوو وەردەگرن. نابێت هیچ ئەندامێكی ئەنجومەنی كانتۆنەكان



یاخود ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی بن.

٢- ئەنجومەنی دەوڵەتەكان (كانتۆنەكان):

ئەم ئەنجومەنە لەنوێنەرانی كانتۆنەكان پێك دێتو هەر كانتۆنێك دوو نوێنەرو هەر نیو كانتۆنێكیش یەك نوێنەریان هەیە لەو ئەنجومەنە.

ئێستا ئەنجومەنی دەوڵەتەكان یاخود كانتۆنەكان لە (٤٦) ئەندام پێ دێت.

كانتۆنەكان خۆیان ئیمتیازاتو ماوەی ئەندامێتیو شێوازی هەڵبژاردنی نوێنەرەكانیان دیاری دەكەن. شێوازی هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرانە لەكانتۆنێكەوە بۆ كانتۆنێكی تر جیاوازی هەیە. لەهەندێكیاندا بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەهەندێكی تر لەڕێی پەرلەمانی كانتۆنەكەوە دەبێت. ئەندامانی ئەم ئەنجومەنانە مووچەیان نییەو قەرەبوو لەلایەن كانتۆنەكانیانەوە وەردەگرن.

لەمەسەلە گرنگەکاندا کۆمەڵەی فیدراڵی بەهەردوو ئەنجومەنەکەیەوە لەژێر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیدا بڕیار دەدات، ئەوەش دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی ڕۆڵو بایەخی ئەنجومەنی دەوڵەتەکان (کانتۆنەکان)، ئەوەش بەهۆی کەمی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنەوە لەچاو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کە یەکەمیان (٤٦) ئەندامو دووەمیان (٢٠٠) ئەندامە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات ئەگەرچی ئەو دوو ئەنجومەنە لەڕووی شێوەی یاساییەوە یەکسانن، بەڵام لەڕووی پراکتیکیەوە ئەنجومەنی نیشتمانی بەهێزترو بەدەسەڵاتترە.

## ٥- پیسپۆرییەکانی کۆمەڵەی فیدراڵی

### ١- پسپۆرییە سیاسیە باڵاکان

کۆمەڵەی فیدراڵی دەسەڵاتی زۆر گرنگو گەوهەری هەیەو لەبواری سیاسەتی باڵای وڵاتدا. ئەو کۆمەڵەیە



خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایە لەڕاگەیاندنی شەرو ئاشتیو هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ سوپاو گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی سەلامەتیو سەربەخۆییو بێلایەنی سویسراو بەستنو پەسەندکردنی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

### ٢- پسپۆڕییە یاساییەکان

بەپێی دەستووری فیدراڵی سویسرا، کۆمەڵەی فیدراڵی هەموو دەسەڵاتە تەشریعیە ئاساییەکانی پەرلەمان پیادە دەکاتو دەسەڵاتی یاسادانانی لەهەموو بوارەکاندا هەیە، ئەوانە نەبێت کە بۆ کانتۆنەکان دیاریکراون.

هەموو یاسایەکی ئەو ئەنجومەنەش دەتوانرێت بخرێتە ڕاپرسییەوە ئەگەر (٥٠٠٠٠) هاووڵاتی سویسری یاخود هەشت کانتۆن لەدژی وەستانەوە، یاساکە گۆرانکاری تێدا دەکرێت. کۆمەڵەی فیدراڵی بۆی هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستووری فیدراڵیش بکات.

### ٣- پسپۆرییەکانی جێبەجێکردن

کۆمەڵەی فیدراڵی هەندێ پسپۆڕی پیادە دەکات کە لە پسپۆڕی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە. بۆ ئەو مەبەستە هەردوو ئەنجومەنی کۆمەڵە لەکۆبونەوەیەکی هاوبەشدا بەدەنگی زۆرینەی سادەی ئەندامانیان، بڕیار لەسەر ئەم مەسەلانەی خوارەوە دەدەن:

١- هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی.

٢ـ هەڵبژاردنی سەرۆكو جێگری سەرۆکی فیدراڵی لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی.

٣- هەڵبژاردنی راوێژکاری فیدراڵی.

٤- هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای فیدراڵی.

٥ـ هەڵبژاردنی سەرۆكو جێگری سەرۆکی دادگای فیدراڵی.

٦- هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دڵنیایی فیدراڵی.

٧ـ هەڵبژاردنی سەرکردەی گشتی سوپا لەباری نائاساییدا.



٨ـ دانانی وەزیفە فیدراڵییە بەردەوامەکانی ترو دیاریکردنی مووچە.

٩ـ دیاریکردنی مووچەی هەموو ئەندامانی لقە گرنگەکانی فیدراڵی.

### ٤- پسپۆرییەکانی دادوەری

١- ئێستا کۆمەڵەی فیدراڵی هەندێ پسپۆری دادوەری هەیەو چارەسەری کێشەی پسپۆری نێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان (دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادگای فیدراڵی) دەکات.

٢ـ سەیری ئەو تێهەڵچونەوانە دەکات کە دژی ئەنجومەنی فیدراڵی لەمەسەلەکانی یاسای ئیداری پێشکەش دەکرێن.

٣- سەیری ئەوتۆمەتە تایبەتیانە دەکات کە لەلایەن کانتۆنەکانەوە دژی ئەندامانی هەرسێ دەسەڵاتەکەی فیدراڵی لەهەندێ تاوانی دیاریکراو پێشکەش دەکرێن.

٤ـ دەسەڵاتی لێبوردنی هەیە لەوانەی کە لەلایەن دەسەڵاتە فیدراڵییەکانەوە تۆمەتبار کراونو ئەوانەی بەلەسێدارەدان لەسایەی یاسای سەربازی حوکمدراون.

## ٢ـ ئەنجومەنی فیدراڵی

ئەم ئەنجومەنە کە ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی پێسپێردراوە لەحەوت کەس پێك دێتو لەکۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەردوو ئەنجومەنی کۆمەڵەی فیدراڵی هەڵدەبژێردرێن. دەبێت ئەو کەسانە پسپۆڕیو شارەزاییان لەکاروباری گشتیدا هەبێت.

بۆ پیادەکردنی کارەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی دەبێت بەلای کەمەوە چوار ئەندامیان ئامادە بن. ئەو ئەنجومەنە کارەکانی بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ دەکاتو بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو دەداتو بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێك دەبێت بەلایەنی کەمەوە چوار ئەندام ئامادەبێت. ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی دەتوانن



بەشداری کۆبونەوەکانی هەردوو ئەنجومەنی کۆمەڵەی فیدراڵی بکەن بۆ گفتوگۆو راوێژو پێشکەشکردنی پێشنیاز.

کۆمەڵەی فیدراڵی سەرۆكو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی فیدراڵی لەناو ئەندامەکانیدا بۆ ماوەی ساڵێك هەڵدەبژێرێت. بەڵام دەستوور رێگەی نەداوە سەرۆكو جێگری ئەنجومەنی فیدراڵی بۆ دوو ساڵی یەك لەدوای یەك هەڵبژێردرێنەوە. ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی بەنۆرە پۆستەکانی سەرۆكو جێگری سەرۆك بۆ ماوەی ساڵێك وەردەگرن.

دەسەڵاتەکانی سەرۆك پرۆتۆکۆڵیو رەمزییەو گرنگترین وەزیفەی سەرۆك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی فیدراڵیو کارکردنە وەك سەرۆکێکی رەمزی دەوڵەت لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە.

سەرۆك هەندێ دەسەڵاتی دیاریکراوی لەکاتی باری نائاساییدا هەیەو رێگە پێدراوە لەهەندێ مەسەلەی

دیاریکراودا بڕیار بدات، بەڵام دواتر دەبێت بڕیارەکانی بنێرێت بۆ ئەنجومەنی فیدراڵی بۆ پەسەندکردنی.

هەروەها سەرۆك دەسەڵاتی سەرپەرشتی گشتی ئەنجومەنی فیدراڵی هەیەو بەرپرسی بەشی راوێژکاری فیدراڵییە. بێجگە لەوانە سەرۆك هیچ جیاوازییەکی نییە لەئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی. هەر وەك سویسرییەکان دەڵێن سەرۆك یەکەمە لەنێوان یەکسانەکاندا.

ئەنجومەنی فیدراڵی لەحەوت بەش پێك دێتو هەر بەشە لەلایەن ئەندامێکی ئەنجومەنی فیدراڵییەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

ئەمەش بەشەکانە:

(١ـ بەشی سیاسەتی دەرەوە، ٢ـ بەشی ناوخۆ، ٣ـ بەشی دادو پۆلیس، ٤ـ بەشی کاروباری سەربازی، ٥ـ بەشی باجو دارایی، ٦ـ بەشی پیشەسازیو بازرگانیو کشتوکاڵ، ٧ـ بەشی پۆستەو هێڵی ئاسن).



## پسپۆرییەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی

### ١ـ پسپۆرییەکانی یاسادانان

ئەگەرچی ئەرکی ئەنجومەنی فیدراڵی ئەرکی راپەراندنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی لەئەستۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی یاسادانانیشی هەیە.

دەستووری سویسری ئەنجومەنی فیدراڵی پابەند کردووە بەناردنی پرۆژەی یاساو بڕیاری تەشریعی بۆ کۆمەڵەی فیدراڵیو ئامادەکردنی راپۆرتی سەرەتایی سەبارەت بەو پرۆژانەی کە ئەنجومەنەکان یاخود کانتۆنەکان دەینێرن. بەوەش ئەنجومەنی فیدراڵی بۆتە ئاراستەکەرو سەرپەرشتیاری پرۆسەی یاسادانان. چونکە هەموو یاسا نوێیەکان لەپێشنیازی ئەو ئەنجومەنە بووە، کۆمەڵەی فیدراڵی لەکاتی پێویستدا هیچ دەستپێشخەریەك ناکات بۆ دەرکردنی یاسا، بەڵکو داوا لەئەنجومەنی فیدراڵی دەکات پرۆژەی یاسای بۆ ئامادە بکات. ئەو ئەنجومەنەش

لەرێی پسپۆرە تایبەتمەندەکانیەوە پرۆژە یاساکان ئامادە دەکاتو دەینێرێت بۆ کۆمەڵەی فیدراڵی.

### ٢ـ پسپۆرییەکانی جێبەجێکردن

ئەنجومەنی فیدراڵی وەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەم دەسەڵاتو پسپۆریانەی هەیە:

**١ـ کاروباری دەرەوە**

ئەنجومەنی فیدراڵی بەرپرسی بەڕێوەچوونی کاروباری دەرەوەی سویسرایە، لەرێی سەرۆکی فیدراڵی وتەبێژی رەسمی سویسرایەو پێشوازی لەسەفیرو وەزیرانی دەوڵەتی بیانی لەوڵاتەکەی دەکاتو سەفیرو وەزیرانی سویسری بۆ وڵاتانی بیانی دەنێرێتو لەلایەن کۆمەڵەی فیدراڵیەوە رێگەی پێدراوە گفتوگۆ سەبارەت بە بەستنو پەسەندکردنی پەیماننامەکان بکات.



**٢ـ کاروباری بەرگری**

دەستوور دەسەڵاتی بە ئەنجومەنی فیدراڵی داوە کە ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەی سویسراو سەربەخۆییو بێلایەنی بپارێزێت لەکاتی ئاشتیدا. ئەم پسپۆرییە بۆ رێکخستنی هێزە سەربازییەکانی سویسرایە. بەڵام لەکاتی نائاساییدا ئەنجومەنی فیدراڵی دەتوانێت ئەو هێزانە چۆن بەگونجاو دەزانێت بەکاربهێنێت بۆ خامۆشکردنی پشێوی یاخود بەرگری لەسنوری دەرەوە. بەڵام ئەگەر زیاتر لەدوو هەزار سەرباز بەکارهات یاخود بەکارهێنانیان بۆ زیاتر لەسێ هەفتە بوو، ئەوا پێویستە ئەنجومەنی فیدراڵی داوای کۆبونەوەیەکی بەپەلە لەکۆمەڵەی فیدراڵی بکات بۆ پەسەندکردنی ئەو رێو شوێنانەی ئەنجامی داون.

### ٣ـ جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان

١ـ دەستوری سویسرا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاساکانو بڕیارە تەشریعییە فیدراڵیەکانی بەئەنجومەنی

فیدراڵی سپاردووە. ئەنجومەنی فیدراڵیش ئەرکی جێبەجێکردنی هەندێ لەیاساو بڕیارەکانی بەکانتۆنەکان سپاردووەو هەر خۆشی سەرپەرشتی ئەو پرۆسەیە لەکانتۆنەکان دەکات.

٢- ئەرکێکی تری ئەنجومەنی فیدراڵی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ناوبڕژیوانی تایبەت بەکێشەی نێوان کانتۆنەکانە.

٣- ئەنجومەنی فیدراڵی کاری پشکنین‌و پەسەندکردنی یاساو فەرمانە دیاریکراوەکانی کانتۆنەکان ئەنجام دەدات. ئەگەر کانتۆنێك شکستی هێنا لەپابەندییەکانی یاخود پێشنیازەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی ڕەتکردەوە، ئەوا ئەنجومەنی فیدراڵی دەتوانێت ئەو مەسەلەیە بخاتە بەردەم دادگا یاخود کۆمەڵەی فیدراڵی ئەگەر پێویستی کرد. ئەنجومەنی فیدراڵی دەتوانێت هێزەکانی فیدراڵی وەك دوا کارت بەکاربهێنێت.



لە بواری پراکتیکدا بایەخی ئەنجومەنی فیدراڵی لەسەر حسابی کۆمەڵەی فیدراڵی زیادی کردووە، کە هەندێ کەس سیستمی سویسری بە حوکمی بەڕێوەبەری لەجیاتی حوکمی ئەنجومەنی ناو دەبەن. هۆی سەرەکی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەندامانی ئەنجومەنی فیدراڵی نوێنەرایەتی زۆرینەی پەرلەمانی لەکۆمەڵەی فیدراڵی دەکەن.

### ٥- دادگای فیدراڵی

دەسەڵاتی دادوەری لەسویسرا لەدادگای فیدراڵیدا بەرجەستە دەبێت. ئەم دادگایە بارەگای سەرەکی لەشاری لۆزانەو ئێستا لە (٣٠) دادوەر پێك دێت کە کۆمەڵەی فیدراڵی بۆ ماوەی ٦ ساڵ دایاندەمەزرێنێت. سویسرا کار بەدادوەری دوو سەرە (القضاء المزدوج) ناکات، کانتۆنەکان دەسەڵاتی هەرێمی‌و سەربەخۆیی ڕێژەیی خۆیان هەیە.

## پسپۆرییەكانی دادگای فیدراڵی

١- دادگای فیدراڵی چەندین پسپۆری دادوەری هەیەو سەیری كێشە یاساییەكان بە سیفەتی ئەسڵی یاخود تێهەڵچوونەوە دەكات.

٢- لەبواری یاسای مەدەنیدا، دادگای فیدراڵی سەیری هەندێ مەسەلە بەشێوەیەكی ئەسڵی دەكات، بەشێوەیەكی حەسری وەك كێشەی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵیو كانتۆنەكان خۆیان یاخود كێشەی نێوان تاكەكان لەلایەكو دەسەڵاتی فیدراڵی یان كانتۆنەكان لەلایەكی تر، بەمەرجێك بەهای بڕی بابەتی كێشەلەسەر لە (٨٠٠٠) فرەنكی سویسری زیاتر بێت. هەروەها دادگای فیدراڵی بەسیفەتی ئەسڵی سەیری ئەو كێشانە دەكات كە لەنێوان تاكەكاندا روو دەدات، ئەگەر هەردوو لایەنی كێشە بەرەسمی داوایان كردو بەهای بابەتی كێشەلەسەر لە (١٠٠٠٠) فرەنكی سویسری زیاتر بێت.



٣- دادگای فیدراڵی بەسیفەتی تێهەڵچوونەوە سەیری بڕیارەكانی دادگاكانی كانتۆنەكان دەكات.

٤- لەمەیدانی یاسای تاوانكاری، دادگای فیدراڵی خاوەنی پسپۆری ئەسڵییە لەچەند تاوانێكدا وەك خیانەتی گەورە دژی دەوڵەتی فیدراڵو هەڵگەرانەوەو تاوانەكانی دژی یاسای نێودەوڵەتیو ئەو كارانەی دەبێتە هۆی دەستێوەردانی سەربازی لەلایەن دەسەڵاتە فیدراڵییەكانو تۆمەتە رەسمیەكان لەدژی فەرمانبەرانی رەسمی كە بنێردرێت بۆ ئەو دادگایە.

٥- دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی یاسایی هەیە بۆ سەیركردنی ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە فێڵو ساختەكاری هەڵبژاردنەكانەوە هەیە.

٦- لەبواری یاساكانی دەستووریو ئیداری، دادگای فیدراڵی خاوەنی دەسەڵاتی رەهانییەو بەڵكو دەسەڵاتی دادوەری لەو بوارەدا دەسەڵات لەگەڵ كۆمەڵەی فیدراڵیو ئەنجومەنی فیدراڵیدا بەش دەكات.

٧ـ دادگای فیدراڵی دەسەڵاتی سەیرکردنی ئەو کێشانەی هەیە کە پەیوەندیدارن بە پسپۆری نێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان لەلایەكو دەسەڵاتەکانی کانتۆنەکان لەلایەکی تر، هەروەها کێشەکانی پەیوەندیدار بە یاسای گشتی لەنێوان کانتۆکانەکاندا.

جێگەی ئاماژە پێکردنە بێجگە لەدادگای فیدراڵی، دوو دادگای تر لەسەر ئاستی دەسەڵاتی فیدراڵی هەن، ئەوانیش دادگای دڵنیایی فیدراڵیو دادگای تێهەڵچوونەوەی سەربازییە، کەدوو دادگای تایبەتو سەربەخۆن لەدادگای فیدراڵی.



## سێیەم: رۆڵی حیزبەکان لەژیانی سیاسییدا

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی نوێی سویسرا لەساڵی ١٨٤٨دا، تەنها یەك حیزب کۆنترۆڵی ژیانی سیاسی کردبوو، ئەویش رادیکالەکان بوو کە بەدامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە دادەنرێن، کە ئێستا بەحیزبی لیبرالی رادیکالی ناسراون. ئەم حیزبە لەو کاتەوە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانییو ئەنجومەنی کانتۆنەکانو کورسییەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی کۆنترۆڵ کردبوو.

ساڵی ١٨٩١ حزبی کاسۆلیکی موحافزکار کە ئێستا بە حیزبی دیموکراسیی مەسیحی ناسراوە لەسەر پشکی رادیکالەکان گەیشتنە حکومەت. ساڵی ١٩٢٩ حیزبی کشتوکاڵی، کە ئێستا بە حیزبی گەلی سویسری ناسراوە، بەشداری حکومەتی کرد. ساڵی ١٩٤٣ حیزبی

سۆسیالیستی توانی کورسییەکی ئەنجومەنی فیدراڵی بەدەست بهێنێ.

لەساڵی (١٩٥٩) ەوە ئەو چوار حیزبە کۆنترۆڵی ژیانی سیاسییان کردووەو پێکەوە نزیکەی ٨٠٪ی دەنگی هاووڵاتیانیان بەدەستهێناوەو پێکەوە حکومەتیان دامەزراندووە. بەپێویستی دەزانین بەشێوەیەکی کورت تیشك بخەینە سەر ئەو چوار حیزبە:

### ١ـ حیزبی لیبرالی رادیکالی

ساڵی ١٨٩٤ بەشێوەیەکی رەسمی دامەزرا. وەك میراتی دامەزرێنەرانی دەوڵەتی فیدراڵی سویسرا لەساڵی ١٨٤٨دا سەیری ئەم حیزبە دەکرێت. سەرەتا بەرادیکالەکان ناسرابوون، دوایی ناوی رەسمییان بوو بە حیزبی رادیکالی دیموکراتی. ئەم حیزبە تا ساڵی ١٩٤٣ حزبی گەورەو کاریگەری وڵات بوو، کە خاوەنی زۆرینەی کورسییەکانی



پەرلەمانو ئەنجومەنی فیدراڵی بوو. ئامانجی سەرەکی ئەم حیزبە پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری وڵات بوو.

ساڵی ١٩٩٩ حیزبی رادیکالی گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێناو توانی زۆرترین کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانییو ئەنجومەنی کانتۆنەکان بەدەست بهێنێت.

لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧دا ئەو حیزبە پاشەکشەی کردو پێنج کورسیی ئەنجومەنی نیشتمانیی لەدەستداو ژمارەی کورسییەکانی لە ٣٦ کورسییەوە بووەبە ٣١ کورسی .هەر هەمان ساڵ لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی کانتۆنەکانیشدا ژمارەی کورسییەکانی لە ١٤ کورسییەوە بۆ ١٢ کورسی دابەزی. حیزبی لیبرالی رادیکالی دوو نوێنەری لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن هەیە. ساڵی ٢٠٠٩ ئەو حزبە لەگەڵ حیزبی لیبرالی سویسری یەکی گرتو ئێستا بەناوی حیزبی لیبرالی رادیکالی کاردەکەنو ٣٥ کورسییان لە ئەنجومەنی نیشتمانیو ١٢ کورسییان لە ئەنجومەنی کانتۆنەکاندا هەیە.

### ٢- حيزبى سۆسياليستى سويسرى

ئەم حيزبە لەساڵى ١٨٨٨ دامەزراوە. لەسەرەتادا وەك حيزبێكى ئۆپۆزسيۆن لەدژى حكومەت كارى كرد ، كە ئەو كاتە حكومەت بە تەنها لەلايەن حيزبى راديكالى ليبرالى يەوە بەڕێوە دەبرا. لەهەڵبژاردنى ساڵى ١٩١٩ حيزبى سۆسياليست سەركەوتنێكى بەرچاوى بەدەستهێناو ژمارەى كورسييەكانى لەئەجومەنى نيشتمانى لە ٢٠ كورسييەوە بوو بە ٤١ كورسى. ئەم حيزبە وردە وردە وازى لەبيروبۆچوونى كۆمۆنيستىو كەسايەتييە كۆمۆنيستيەكان هێناو سياسەتێكى ريفۆرمخوازى پەيڕەو كرد.

لەساڵى ١٩٤٣ ئاستى جەماوەرى ئەم حيزبە گەيشتە لوتكەو پلەى يەكەمى لەهەڵبژاردنەكاندا بەدەستهێناو بەوەش بۆ يەكەمجار رێگەى پێدرا بەشدارى پێكهێنانى حكومەت بكات. ساڵى ١٩٥٩ بۆ جارى دووەم سەركەوتنى لەهەڵبژاردن بەدەستهێناو بەشدارى حكومەتى كرد.



حيزبى سۆسياليست ماوەى دەساڵ لەپاشەكشەدا بوو، كەمتر ٢٠٪ى دەنگەكانى لەهەڵبژاردنەكانى فيدراڵى بەدەست دەهێنا.بەڵام لەساڵى ١٩٩٥ جارێكى تر لەسەر گۆڕەپانى سياسى دەركەوتەوەو لەهەڵبژاردنى ساڵى ٢٠٠٣، (٥٢) كورسى ئەنجومەنى نيشتمانى بەدەستهێنا.

لەدواهەڵبژاردنى ساڵى ٢٠٠٧دا ئەو حيزبە لەبەردەم حيزبى گەلدا پاشەكشەى كردو نۆ كورسى پەرلەمانى لەدەستدا. ئێستا خاوەنى ٤٣ كورسى ئەنجومەنى نيشتمانييەو ٩ كورسى ئەنجومەنى كانتۆنەكانيشى هەيە. دوو نوێنەرەشى لەئەنجومەنى فيدراڵى هەيە.

### ٣- حيزبى ديموكراتى مەسيحى

ساڵى ١٩١٢ بەشێوەيەكى رەسمى لەسەر ئاستى نيشتمانى دامەزراوە. لەساڵى ١٩١٩ ەوە تاساڵى٢٠٠٣ بە بەردەوامى دوو كورسى لەحكومەتدا هەبووەو پارێزگارى لێكردووە. لەهەڵبژاردنى ساڵى ٢٠٠٣دا رێژەى ١٤,٤٪ ى

دەنگەکانی بەدەستهێنا، ئەوەش کەمترین رێژە بوو کە بووە مایەی ئەوەی کە یەکێك لەکورسییەکانی ئەنجومەنی فیدراڵی لەدەست بدات. لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٧ توانی تارادەیەك متمانەی هاووڵاتیان بەدەست بهێنێتەوەو سەرکەوتنێکی سنوردار بەدەست بهێنیو پێنج کورسی زیاد لەپەرلەمان بەدەست بهێنیو ژمارەی کورسییەکانی گەیشتە ٣١ کورسی، وەك حیزبی رادیکالی لیبرالی، بەڵام تا ئێستا ئەو حیزبە داوای کورسیی دووەمی لەئەنجومەنی فیدراڵی نەکردۆتەوە. ئێستا ٣١ کورسی لەئەنجومەنی نیشتمانیو ١٥ کورسی لەئەنجومەنی کانتۆنەکان هەیەو یەك کورسی لەئەنجومەنی فیدراڵی هەیە.

### ٤ـ حیزبی گەلی سویسری

ئەسڵی ئەم حیزبە بۆ حیزبی جوتیاران دەگەڕێتەوە کە لەساڵی ١٩١٧ لەکانتۆنی زیورخو لەساڵی ١٩١٨ لەکانتۆنی بێرن دەرکەوت. ئەم حیزبە لەساڵی ١٩٣٧



لەسەر ئاستی نیشتمانی دامەزراو بەحیزبی گەل ناسرا. لەساڵانی(١٩٢٩ ـ ٢٠٠٣) یەك کورسیی لەحکومەتی فیدراڵی هەبووە. لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٣ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناو رێژەی ٢٩٪ ی دەنگەکانو ٥٩ کورسیی ئەنجومەنی نیشتمانیی مسۆگەرکرد، بەوەش توانی کورسییەکی تر لەئەنجومەنی فیدراڵی بەدەست بهێنیو ژمارەی کورسییەکانی بوو بە دوو کورسی.

ئێستا ٥٩ کورسی ئەنجومەنی نیشتمانییو ٦ کورسی ئەنجومەنی کانتۆنەکانی هەیە.

## سەرچاوەکان


١ـ الدكتور محمد عمر مولود ـ الفدراليه وامكانية تطبيقها في العراق، مطبعة وزارة التربية/ أربيل ٢٠٠٣، الطبعة الثانية.

٢ـ القاضي نبيل عبدالرحمن حياوى ـ الدول الأتحادية الفدرالية ـ (السلطة التشريعية)، بغداد، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤.

٣ـ القاضى نبيل عبدالرحمن حياوى ـ الدول الاتحادية الفدرالية ـ (السلطة التنفيذية)، بغداد، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤.

٤ـ القاضى نبيل عبدالرحمن حياوى ـ الدول الاتحادية الفدرالية، (السلطة القضائية)، بغداد، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤.

٥ـ سایتەکانی ئینتەرنێت

- www. Sissinfo.org
- www. Lawopibya.com
- www.ingdz.com




## کتێب و نامیلکە
## چاپکراوەکانی نووسەر

١ـ کوردستان و سێ حکومەتی کوردی، ١٩٩٩.

٢ـ پرنسیپی دەستێوەرنەدان لەپەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ٢٠٠٤ .

٣ـ پاراستنی مافی کەمینەکان ، ٢٠٠٤

٤ـ سیستمی سیاسی چین، ٢٠٠٥.

٥ـ پێگەو دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ٢٠٠٥.

٦ـ عیراق لەدیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، ٢٠٠٥.

٧ـ شۆڕشی پەنجەمۆرەکان، ٢٠٠٦.

٨ـ یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، ٢٠٠٦.

٩ـ تاڵەبانی لەلوتکەی دەسەڵاتی عیراقدا، ٢٠٠٦.

١٠ـ یاسای پارێزگا رێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا، ٢٠٠٩.

١١ـ تاڵەبانی جۆرج واشنتۆنی عیراق، ٢٠٠٩.

١٢ـ طالباني جورج واشنطن العراق، ترجمة: حسن شندي، ٢٠١٠.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی ............................................................ | ٣ |
| ـ یەكەم: ناساندنی سویسرا ................................ | ٧ |
| ـ دووەم: سیستمی سیاسی .................................. | ١٠ |
| ـ سێیەم: ڕۆڵی حیزبەكان لەژیانی سیاسیدا .......... | ٤٠ |




## لەبڵاوكراوەكانی
## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران ساڵی
( ٢٠١٠ )

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواری | ٢٠١٠ |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| 329 | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| 330 | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گوروون | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندى | ٢٠١٠ |
| 334 | العداله بين الفلسفه والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| 335 | حـــوارات ونقاشـــات فكريـــة وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| 339 | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | الدولية | | |
| 342 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| 344 | رجعية القانون على الماضي في الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| 345 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ئیسماعیل بێشکچی و. رەوا حاجی | ٢٠١٠ |